مه كته‌بی بیر و هۆشیاری

# نۆڤین

وەرزانەیەکی فیکری روناکبیرییە

# 10

**خاوەنی ئیمتیاز:**
عیماد ئەحمەد

**سەرنوسەر:**
مامۆستا جەعفەر
( فازیل کەریم ئەحمەد )

**جێگری سەرنوسەر:**
شەماڵ عەبدوڵڵا

**بەڕێوەبەری نوسین:**
شیلان ئەحمەد

**دەستەی نوسەران**
عوسمان حەمە ڕەشید    حەسەن یاسین
کاوسێن بابەکر    خەلیل عەبدوڵلا
عوسمان حەسەن شاکر

**ناونیشان:**
**سلێمانی ـ گەڕەکی ئاشتی**
**مەکتەبی بیرو هۆشیاری**
**تەلەفون: ٣٢٩٠٦٦٨ — ٣٢٩٠٦٥٦**

E_mail: govarynovin@yahoo.com
www.hoshyary.org
mbh@puknet.org

مه كته‌بی بیر و هۆشیاری

## نۆڤین

* **ژمارە ( ١٠ )**
* **سلێمانی، ٢٠٠٧**
* **نەخشەسازو دیزاینی بەرگ: ئەمیرە عومەر**
* **پیتچنین: نیاز ، لیزان ، هەرێم ، جوان، کوردستان**
* **تیراژ: ١٥٠٠ دانە**

مه كتەبی بیر و هۆشیاری

## لەم ژمارەیەدا


| بابەت | نوسەر / وەرگێڕ | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| سەرووتار | سەرنووسەر | ٥ |
| بیری یەکێتی لەنێوان پەیڕەوی ناوخۆو گۆڕانە کۆمەڵایەتییە بنەڕەتییەکاندا | مامۆستا جەعفەر | ١٠ |
| سۆسیال دیموکراتی سویدی | و: عوسمان حەمە ڕەشید | ٣٣ |
| کەرکوك لەنیگای گەڕیدەو ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییەکانەوە | د. نەجاتی عەبدوڵلا | ٥٤ |
| حزبوڵلای لوبنان لەنێوان چەك داماڵین و پێداگرتن لەسەر چوارچێوە ئایدیۆلۆجییەکان | حەسەن یاسین | ٦٩ |
| هەرێمی کوردستان و پارتەکانی سێیەم | سلێمان مستەفا | ٩٧ |
| ئەقڵییەتی سەدەکانی ناوەڕاست | و/ شوان ئەحمەد | ١٢٠ |
| بۆچی ئەمەریکا لەبارودۆخی عیراق نیگەرانە؟ | ڕێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم | ١٥٠ |
| فەرهەنگی (نۆڤین) ی سیاسی | و/ سەلام عەبدوڵلا | ١٦٣ |

دەنگەکانی بەرزبکاتەوە. دەنگدەران بە ئاشکرا ئەوەیان دیاریکرد کە خۆشگوزەرانی بەلایانەوە گرنگترە لە کەمکردنەوەی باج بۆ خاوەن دەرامەتە بەرزەکان. ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠٣ وەزیری دەرەوەی سوید خاتو Anna Lindh ئەنا لیند کۆچی دوایی کرد، چونکە ڕۆژێك پێشتر لەیەکێ لەبازارە گەورەکانی ستۆکهۆڵم (NK) درابووە بەر چەقۆ ئەم کوشتنە لەگەرمەی بزوتنەوەی هەڵبژاردنو راپرسی سویدا بوو بۆ ناو یەکێتی دراوی ئەوروپا ، EMU.

**سەرچاوە..** www.socialdemokraterna.se

مەکتەبی بیر و هۆشیاری





# كةركووك لةنيطاى طةرِيدةو رِؤذهةلآتناسة ئةوروثاييةكانةوة

د. نەجاتی عەبدوڵلا
پاریس

## پێشەکی: ناوی کەرکووك

هەموو مێژوونوسەکان لەسەر ئەوە یەکڕان کە کەرکووك یەکێکە لە شارە هەرە کۆنەکانی ناوچەکە، بەڵام کەرکووك بەم ناوەی ئێستەیەوە لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی کۆندا تا دوا دواییەکەی نیوەی یەکەمی سەدەی پانزەهەم ناوی نەهاتووە[١] و هیچ کام لە گەڕیدە و ڵاتناسە عەرەب و موسڵمانەکانیش ناوی شاری کەرکووکیان بەم ناوەی ئێستەیەوە نەهێناوە[٢] و سەرچاوە ساسانی و سریانیەکانیش هەریەکەیان

---

[1] بەگوێرەی زانیارییەکانی د.فەرهاد پیربالٚ، گەڕاڵی ئەسپانی پەتاهیا دو راتیسیۆن Petahia de Ratishone لەسەرەتای ساڵانی ١١٨٠ لەسەردەمی خەلیفە ئەلناصردا ( ١١٨٠-١٢٢٥) هاتۆتە هەولێرو کەرکوك‌و لەسەفەرنامەکەی خۆیدا باسیان دەکات. بڕوانە: فەرهاد پیربالٚ، سەرچاوەکانی کوردناسی، بنکەی ئەدەبی گەلاوێژ، سلێمانی، ١٩٩٨، لا: ٢٨

[2] من لەم باسەدا نامەوێ بچمە ناو باسی ناوە کۆنەکانی کەرکوك‌و لەئێتیمۆلۆژی ناوە کۆنەکانی شاری کەرکوك بکۆڵمەوە، چونکە ئەم باسە ناکەوێتە ناو سنووری باسەکەی ئێمەوە. بۆ کەسێك بیەوێ زانیاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بەجیاجیا باسیان کردووە. کەرکووك بەم ناوەی ئێستەیەوە واپێدەچێ ــ بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی تا ئێستە لەبەردەستدایە ـ یەکەمجار ساڵی ١٤٢٤ز ـ ٨٢٣ ی کۆچی لەلایەن تەیموری شەرەف الدین عەلی یەزدی لە کتێبی( ظفرنامە) ناوی هاتووە[3]. چل ساڵێك بە دوای عەلی یەزدی، نووسەری (کتێبی دیاربەکرییە)، ئەبوبەکری تەهرانی ئەسفەهانی کە واپێدەچێ ساڵی ١٤٧٠ـ١٤٧١ کتێبەکەی نووسیبێ، لە زۆر جێگەدا بەناوی کەرکووکەوە باسی شارەکە دەکات[4].

من وای بۆ دەچم ڕەنگە ناونانی کەرکووك بەجۆرەی کە ئەمڕۆ گۆدەکرێ لەگەڵ هورووژمی تورکە سەلجوکیەکان بۆ ناوچەکە (سەدەی یانزەهەم) ەوە ئەم ناوەی ئێستەی وەرگرتبێ و بۆیە دوور نییە کەرکووك لەڕووی ئێتیمۆلۆژییەوە زێتر لەو سەردەمەوە ئەو ناوەی وەرگرتبێ. هەرچۆنێك بێت جارێ دەرگەی ئەم باسە بە کراوەیی بەجێدەهێڵم و دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی بڵێم تا ئێستە هیچ کام لە مێژوونوسەکانمان باسی ئەوە ناکەن ئایا ئەم شارە هەر هەمان خودی شارە کۆنەکەیە یان شارێکی دروستکراوی دیکەیە لە نزیك شارەکەوە؟ ئایا لە کۆندا دابەشبوونی ئیتنیکیو مەزهەبی لەم شارەدا چۆن بووە؟ ئایا پێش نیشتەجێبوونی تورکمان لەم شارەدا دەبێ ڕێژەی ئیتنیکی کورد چەند بووبێ؟ ئەگەر بە گوێرەی گەڕۆکی فرانسەوی ئا.کلیمان ساڵی ١٨٥٦ سێ چارەگی شارەکە کورد بووبێ، ئەی بۆچی لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەگوێرەی گەڕۆکە ئینگلیزەکان ڕێژەی کورد لە چارەگێکی شارەکە زێتر نەبووە؟ ئەمانەو زۆر پرسیاری دیکە پێویستیان بەخوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی مێژووییو ئارکیۆلۆژی ورد هەیە کە ڕەنگە بتوانن برێك سەرەداوێکی ئەم باسەمان بۆ بکەنەوە.

---

زیاتری دەستبکەوێ دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر کتێبەکەی دکتۆر جەمال ڕەشید، کرکوك فی العصور القدیمە، دار ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.

[3] J. H. Kramers- (Th. Bois), *Kirkûk* In *Encyclopédie de l'Islam*, Ed. Brill, 1995, p. 147.

[4] ابوبکری طهراني، کتاب دیاربکریه (تارخ حسن بیك اق قوینلو و اسلاف او و انچە بدان متعلق است از تواریخ قراقوینلو و چفاتای. جزء الاول و جزء ثاني، نجاتی لوغال و فاروق سومر، تهران، ١٩٩٧.





## دەروازەی باس

شاری کەرکووك بە درێژایی مێژوو یەکێك بووە لەو شارانەی خاوەنی شوێنێکی ستراتیژی بووە لە جوگرافیای سیاسیی، مرۆیی و عەسکەری ناوچەکە و لە هەر دەورانێکی مێژوویشدا گرینگی تایبەت بەخۆی هەبووە. ئەم شارە لەڕووی جوگرافییەوە کەوتۆتە ناو سنووری کوردستانو وەکو گەڕۆکی فرانسەوی ئا.کلیمان A.Clément گوتەنی دەرگەی چوونە ژوورەوەیە بۆ ناو کوردستان، بەڵام لە ڕووی ئیتنیکییەوە شارێکی فرە ئیتنیکییە و گروپگەل و کۆمەڵەی ئایینی فرەی تێدایە و ڕێژەی کورد لەم شارە بە گوێرەی ئا.کلیمان (١٨٥٦) سێ چارەگی شارەکە بووە و زۆربەی گەڕۆکەکانی سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەم کەرکووك لە ڕیزی شارەکانی کوردستان دەژمێرن ( نیبۆر، ئۆتێ، ئا.کلیمان) هتد. ئەم باسەی ئێرە خوێندنەوەیەکی سەرچاوە رۆژهەڵاتناسییە ئەوروپییەکانە لەبارەی شاری کەرکووکەوە کە دەکرێ زۆر خوێندنەوەی ئەنترۆپۆلۆژی و مێژووییو مرۆیی دیکەی بە دوادابێت.

## کەرکووك لە سەفەرنامەی گەڕۆکە فرانسییەکانەوە

لە ناو گەڕیدە ئەوروپاییەکان، ڕەنگە فرانسییەکان لە هەموو گەڕۆکە ئەوروپاییەکان زیاتر باسی کەرکووکیان کردبێت و لە سەفەرنامەکانی خۆیاندا وەسپی کەرکووکیان کردبێت ( ئۆتێ ١٧٣٤، رۆسۆ ١٨٠١، ئا.کلیمان ١٨٥٦، ریتۆری ژاك ١٨٧٨ ( هەروا دەشێ گەڕۆکی هۆڵەندی فرانسی زمان لیکلاما شۆڤالیێ نیژیهۆلت ١٨٦٦ـ ١٨٦٨یش هەر لەم خانەبەندییەدا دابنێین، دواتر تۆمابو ١٩٣٠). بۆیە بەشی گەورەی باسەکەی ئێمە پێ لەسەر سەرچاوەی گەڕۆکە فرانسییەکان دادەگرێ.

یەکەم گەڕۆکی فرانسی کە سەردانی شاری کەرکووکی کردبێت پێم وایە ژان ئۆتێ بووبێت. ئۆتێ گەشتنامەکەی خۆی لە ٢٧ ی ژانڤیەی ١٧٣٤ دەستپێکردووەو ساڵی ١٧٨٤ سەفەرنامەکەی خۆی بەناوی(گەشت بۆ تورکیاو ئێران بە پێوەند لەگەڵ

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەشکرکێشییەکانی تەهماسپ قولی خان) لە پاریس لە دوو بەرگدا لە چاپداوە[٥]. ئۆتێ دەنوسێ (..... سپێدەیەکی زوو گەیشتینە کەرکووک، ئەمڕۆ کەرکووک پایتەختی حکومەتی شارەزوورە کە بەشێکی کوردستانە. ئەم حکومەتە بۆ سێ و دوو هەرێمی لاوەکی دابەش دەبێت و کەوتۆتە نێوان ئازەربایجان، عێراقی فارسی، ویلایەتەکانی بەغدا، موسڵ، ئامێدی و هەکاری. کوردەکانی گۆران* Kiourans گەورەترین بەشیان داگیرکردووە. شوێنی سەرەکییان ناوی پلنگانەو شارێکی گەورەیە لەناوچەی قزلجە. هەروا لەبارەی پاشای کەرکووکەوە دەنوسێ " پاشای کەرکووک وریای دوژمنایەتی ئێرانە و بڕیاری داوە قەڵاکە ئامادە بکات و بە پەلە کاری تێدا بکەن بۆ چاککردنەوەی ئەو شورەیەی کە لەزۆر شوێنەوە بۆتە کەلاوە"[٦]. گەڕۆکێکی دیکەی فرانسی رۆسۆ، دیپلۆمات‌و گەڕۆکی ناوداری سەر بەبنەماڵەی ژان ژاك رۆسۆ، ساڵی ١٨٠١ سەردانی کوردستانی کردووەو لەکتێبەکەی خۆیدا (وەسپی پاشالیکی بەغدا)[٧] کە ساڵی ١٨٠٩ لە پاریس چاپکراوە دەنووسێ: ( کەرکووك شارێکە خراپ بونیاتنراوە، بە نزیکەیی شارێکە بێ بەرگری. دەتوانین بەرزاییەکەی لەڕووی دەریاوە بە ٣٦ پلە بخەملێنین، هێڵی درێژیەکەشی بە ٤٣ پلە و چەند دەقیقەیەك بخەملێنین. کەرکووك کەوتۆتە سەر بەرزییەکی ٥٥ فەرسەخ lieu لە بەغداوە دوور. لەلایەن موتەسەلیمێکەوە* حوکمڕانی دەکرێ کە فەرمانی بۆ دێ بۆ چاککردنەوەی ئەوەی پێویستە بیکات بۆ پاراستنی شارەکە لە هەموو ئیهانەیەکی کوردەکانەوە. خەڵکەکەی چالاکن، پیشەسازیکارن، لە حاڵەتی ئامادەباشیدا دەتوانن شەشسەد چەکدار بخەنە بەردەست پاشا کە لە زۆر هێرشی هەمەچەشنەدا مەحەکی ئازایی بوون.[٨]

---

[5] Otter, J, *Voyage en Turquie et en Perse avec une relation des expeditions de Thamas Kouli-Khan*, Paris, 1784, 415+386 p.

* ئەم ترانسکریپسیۆنە بەمشێوەیە بەلای ئێمە لە (گۆران) زێتر چیدیکە هەڵناگرێ.

[6] Ibid, p. 329.

[7] Rousseau, J-B, *Description du  pachalik de Bagdad*, paris, 1809.

* موتەسەلیم: جێگرەوەی حاکم لە سنجاق یاوەکو لە ئەیالەتدا وەختایەك ژمارەیەك ئەیالەت سەر بە یەك پاشا بن.

[8] *Ibid*, p. 82.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

گەڕۆکێکی دیکە بەناوی ئۆلیڤیێ Olivier کە بە فەرمانی حکومەتی فرانسی گەشتێك بۆ ناو ئیمپراتۆریای عوسمانی دەکات‌و دواتر سەفەرنامەکەی خۆی لەپاریس ساڵی ١٨٠١-١٨٠٧ بە نێوی ( گەشتێك بۆ ئیمپراتۆریای عوسمانی، میسر و ئێران)[٩] لە سێ بەرگی گەورەدا بڵاودەکاتەوە.

ئۆلیڤیێ دەنوسێ: ".... هێشتا دوو سەعاتی دیکە ڕۆیشتین گەیشتینە بەردەم شاری کەرکووك، مەسیحییەکان ئێمەیان جێهێشت‌و بۆ دیدەنی چەند خالدییەك چوون. تەتەرەکەمان پێشمان کەوت تا نامەیەکی پاشای موسڵ بداتە موتەسەلیم‌و داوای لێبکات چاوساغێکمان بۆ پەیدا بکات تا بەغدا. هێشتاکە فەرسەخێکمان مابوو گەیشتینە گوندێك بەناوی تسیین Tissin. ئەم وڵاتە زەوی‌و زارێکی پڕ خێرو بەرەکەتی هەیە. کەرکووك وەکوو هەولێر کەوتۆتە سەر گردێکی دەستکرد، لەناوەڕاستی پێدەشتێکی گەورەدایەو وەك قەڵای هەولێر بۆ پاراستنی بە شورەیەك دەورەدراوە، ئۆردوییەکی بەهێزی یەنیچەری* لێیە. پاشای بەغدا موتەسەلیمێکی لێداناوە. بەشێکی شارەکە کەوتۆتە خوارووی گردەکەوە. کەرکووك ماوەیەکی زۆر سەر بە پاشالیکی شارەزووربووەو دواتر هەردوو پاشالیك یەك پاشای queness هەبووە. بەڵام ئەمڕۆ کە شارەزوورو هەموو ئەو دەرو ناوچانەی کەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتی دەچلەوە لە زابی گەورەوە تا کوردستان بە پاشالیکی بەغداوە بەستراونەتەوە، کەرکووك تەنها موتەسەلیمێکە ئەم پاشایە بەڕێوەی دەبات".

" پێمان وایە ئەم شارە شوێنی شاری مێنیس Mennis ی کۆن دەگرێتەوە، ئەمەیان ئەم خەملێنەیە کە کیونت کوری Quint-Curre دەڵێ ئەلێکساندەری (گەورە) لەگەڵ سوپایەکەی لە کاتی چوونی بۆ بابل لە ئەربیلەوە تا مێنیس چوار رۆژ بووە لەوێدا ماوەتەوە"[١٠]

---

[9] Olivier (Guillaume-Antoine), *Voyage dans l'Empire Ottoman, l'Egypte et la Perse*, Paris, 3 voulmes.

* یەنیچەری: سوپای عوسمانی.

[10] *Ibid*, p. 374

مەکتەبی بیروهۆشیاری

" ئێمە لەگەڵ دوو ئەسپی تەتەردا بە ١٥ سەعات لە هەولێرەوە بۆ کەرکووك چووین: شاری یەکەم ٣٦ پلە و ١١ دەقیقەیە، هی دووەمیش ٣٥ پلە و ٣٩ دەقیقەیە کە بەلای کەمیەوە بیست فەرسەخ ماوە دەبێ، یا چوار ڕۆژە ڕێگە بڕین بۆ سوپا. لە دەوروبەری شارەکە نە کەلاوە و نە شوێنەواری زۆر لەوەی کەرکووك نابینیین، لەلایەکی دیکەوە ئەم گردۆڵکەیە لەسەر زەوییەکی تەختایی بوونیاتنراوە کە نابێ لە دەورانی کۆندا بۆ ئەوە دروستکرابێ شارێکی گرینگی لەسەر بوونیاتنرابێ".

"لەوەتای دەرچوونمان لەموسڵەوە زێتر بە نەوت بەرچاومان رووناك بۆتەوە، بۆ ئەم مەبەستە فتیلەیەکی پەمۆ mêche de coton ی تێدادروست دەکەن لەگەڵ ئەم قیرەی لێوەی دێتەدەرەوە لەناو گۆزەیەکی قوڕین تێکەڵی دەکەن. بۆنێك کە ئەم رووناکیە پەخشی دەکات لەناو ژوورێکدا ئەگەر دیوارەکەی شوێنی ئاگردانی تێدا نەکرابێتەوە تا بۆنی دوکەڵەکەی لێوە بچێتە دەرەوە بەرگەناگیرێ". هەروا ئۆلیڤیێ باسی ئەوە دەکات کە لەم سەردەمەدا شەقامەکان چراوگی نەوتینیان هەبووە بۆ ڕوونکردنەوە".[11]

گەڕۆکێکی دیکەی فرانسی بەنێوی ئا.کلیمان A.Clément لە ڕێگەی دۆستایەتی لەگەڵ پاشایەکانی بابانەوە ساڵی ١٨٥٦ گەشتێکی بۆ کوردستانی خواروو کردووەو ساڵی ١٨٥٦ گەشتنامەکەی خۆی بە زمانی فرانسەوی بەنێوی(گەڕانێك بەناو کوردستانی خوارووی عوسمانی: لە کەرکووکەوە تا ڕەواندوز)[12] نووسیووەو ساڵی ١٨٥٦ لە سوێسرە لە گۆواری MSGG بڵاویکردۆتەوە.

" ڕۆژی ١٣ ی حوزەیرانی ١٨٥٦ پێش تاو هەڵاتن گەیشتینە کەرکووك. من بەووردی سەعاتە ڕێییەکانی کاروانەکەم بە هەنگاوی پۆستەچیانە یادداشت کردبوو وەك چۆن بەو شێوەیەی لەوڵاتدا وادەکەنو لەلایەن حکومەتەوە ناسراوە. ڕێگەکە ٦١ هەنگاوی پۆستەچیانە بوو، دوورایییەك کە تەتەرە عوسمانییەکان بە دوو ڕۆژ دەیبڕن. کەرکووك ناوچەی ئیداری پاشالیکی شارەزوورە، کەوتۆتە ئەوپەڕی سنووری ڕۆژهەڵاتی

[11] *Ibid*, p. 375.
[12] Clément, A, *Excursion dans le Kurdistan ottoman méridional, de Kerkouk à Rawanduz en 1856*, Memeoire de la Société de géographie de Genève, 1856.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

ناوچە بیابانەکان کە بەسەر لاپاڵی خوارووی یەکەمین گردۆڵکەیەکدا دەنواڕێ کە دەبوایە بیبڕین بۆ چوونە ناو کوردستانەوە: کەواتە ئەم شارە دەرگەی چوونە ژوورەوەیە بۆ ئەم بەشەی کە هاوسنووری عێراقی عارەبییە"[13]

شاری کەرکووك بۆ دوو بەش دابەشکراوە: بەشی سەرووی شار یان قەڵا کە ئەمڕۆ وێڕای ئەوەش کە بە شوورە دەورەدراوە، کەچی بۆ بەرگریکردن لە شارەکە لەحاڵەتێکی یەکجار بەرباد دایەو شەقامەکان پیس و پۆخڵن، تەسك و خراپ بەردڕێژکراون، ماڵەکان هەموویان لە بەردی قایم دروستکراونو بە دەستە گەچێك داپۆشراون کە لەناوەوە شێیەکی زۆر دەدەنەوە. بەشی خوارووی شار، بێگومان گەورەترەو چەند بازاڕی لێیە، کە بازاڕی بازرگانی تێدا گەرمە، بەڵام ئەم بەشەیان شوورەی نییە. سەرای حاکم چارەگێکی ڕۆژهەڵاتی شارەکەی داگیرکردووەو کەوتۆتە دەروازەی چوونە ژوورەوەی کەناری شار کە دەوڵەمەندەکانی شار و کارمەندە سەرەکییەکانی حکومەتی تێدا دەژین، ئۆردوخانەی سەربازی بە تەك کۆشکی سەراوەیە".[14]

لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر ئەو ستاتستکەیە کە ئا. کلیمان لە بارەی دانیشتوانی شارەکەوە بەدەستی دەدات کە دەکرێ وەکوو بەڵگەنامەیەکی مێژوویی تەواو بێلایەن بیخەینە بەرچاو. ئا.کلیمۆن لەمبارەیەوە دەنوسێ " ژمارەی دانیشتوانی شاری کەرکوك: سەرووی شار، ناوجەرگەی شار و کەناری شارەکە بێجگە لە سەربازەکانی ئۆردوخانە، نزیکەی ٢٥ هەزار کەسێك دەبن کە سێ چارەگی کوردن".

" دوو ڕۆژی تەواو لە کەرکووك ماینەوەو لە ڕۆژی ١٥ ی مانگ کەرکووکمان جێهێشتو بۆ چونە ناو کوردستانەوە لەڕێگە نەکوتراوەکانەوە، کە تەنها لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە نیشانەکرابوون. یەکجار لە پێدەشتەکە دەرکەوتینو چووینە ناو چیایەکانی کوردستان یا چیایەکانی تۆرۆس دەبوو تەنها بە ئەسپان یان بە پێیان ڕێبکەین، سیمای گالیسکە یا عەرەبانە هەرچیەك بێ نەناسراوە". [15]

[13] *Ibid*, p. 198.
[14] *Ibid*, p. 199.
[15] *Ibid*, p. 200.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

گـەڕۆکێکی دیکـەی فرانـسی کیـونێ ڤیتـال Vital Cuinet ئامارنـاس‌و جوگرافیناسیی خاوەن چوار بەرگی زلـی کتێبێـك بـەناوی(تورکیـای ئاسـیەوی)[16] کـە ساڵەکانی ١٨٩٠ــ ١٨٩٤ لە پاریس بڵاویکردۆتەوە، ئاماری هـەموو ویلایـەت‌و قـەزاو ناحیەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی تێدایە. لەم ناوەدا بەرگی دووەمی بەشی زۆری دەنگ و باسی ویلایەت‌و قەزایـەکانی کوردسـتانی عوسمانییـە. ڤیتـال دەنووسـێ " کـەرکووك قـەزای سـنجاقی شـارەزوورە، بریتییـە لـە پێـنج ناحیـە و ٣١٠ گونـد. کـەرکووك هـەر کۆرکـۆرای Corrcura ی کۆنـەو ناوەنـدی ئیـداری سـنجاق‌و مەرکـەزی قـەزای شارەزوورە. مەسـیحیەکانی کـەرکووك ئارشـیڤێکی خالـدی یـان هەیـە کـە پێـنج قەشـە هاوکاری تێدا دەکەن. کەرکووك شوێنی حاکمی عەسکەری سنجاقی شارەزوورە.

لە هەمووی سەیرو سەمەرەتر ئەوەیە ڤیتال دانیشتوانی کەرکووك بە(٣٠٠٠٠)کەس دادەنێ بەمشێوەیەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| موسڵمان ( تورکمانەکان) ................ | ٢٨٠٠٠ |
| مەسیحیەکان ( خالدییەکان)............... | ٤٠٠ |
| جولەکە ...................................... | ١٦٠٠ |
| | ------ |
| سەرجەم | ٣٠٠٠٠ |

بەمـشێوەیە بـێ شـاری کـەرکووك بـە گـوێرەی ڤیتـال لـە دوادواییەکـەی سـەدەی نۆزدەهەمدا تاکە کوردێکی تێدا نەبووە[17] . بەمجۆرە ئەم ستاتستیکانەی ڤیتال لـە بـارەی ناوچە کوردییەکان بەڕاستی دەکەونە ژێر پرسیارەوە. ڤیتـال لـە باسـی قـەڵای کـەرکووك دەنووسێ " لە شوێنەوارە کۆنەکانی کەرکووك دەتوانین نیشانە بۆ قەڵا بکەین کە ئێستە کـۆنترۆلی شـار دەکـات‌و زۆربـەی جـار شـارەکە دژ بـە هێرشـی ئاغـا کوردەکـان‌و هەمەوەندەکان دەپـارێزێ) . لێـرەدا تێدەگـەین بۆچـی جـەنابی ڤیتـال بـە ویـژدانی ڕەوا

[16] Cuinet Vital, *La Turquie d'Asie*, Ed. Le Roux, Paris, 1891.
[17] *Ibid*. p. 581





مەکتەبی بیروهۆشیاری

نەبووە بڵێ شاری کەرکوك تەنانەت تاقـە کوردێکیـشی تێـدا هـەبووە. هـەروەها ڤیتـال باسی کۆمیونیتە مەسیحیەکانی ناو کەرکوك دەکات کە بـریتین لـە ٤٠ بنەماڵـە لـەناو شار و ٢٠ بنەماڵـەش لـە کـەناری شـار بـەناوی شـوریاوە هـەن. کۆمیونیتـەی جولەکـە نزیکەی ٣٠٠ ماڵیان هەیە. هەروا ڤیتـال باسـی ئـەوە دەکـات کـە ئـەم کۆمیونیتانـە " وێڕای لێکدووری کولتووریان کەچی هەموویان بە چاکی پێکەوە دەژین"[18]

گـەڕۆکێکی دیکـەی هۆڵەنـدی فرانـسی زمـان سـاڵەکانی ١٨٦٥-١٨٦٦-١٨٦٧ سەفەرێکی ڕووسیا، قەوقاز، میزۆپۆتامیا و کوردستانی کردووەو زۆر تێبینی لـەبارەی کوردسـتانەوە یادداشـت کـردووە. لیکلامـا نیـژیهۆلت سـاڵەکانی ١٨٧٢-١٨٧٥ گەشتنامـەکەی خۆی لـە پـاریس بـە زمـانی فرانسـەوی بـە چـوار بـەرگی گـەورە بـەناوی (گەشـتێك بـۆ ڕووسـیا، قـەوقاز، ئێـران، میزۆپۆتامیـا و کوردسـتان )[19] بڵاوکـردەوە. نیژیهۆلت لە بارەی کەرکووکەوە دەنوسێ " دوای حەوت سـەعات بـەپێ ڕۆیـشتن، ڕۆژی یەکشەممەی ١٣ ی ئۆکتۆبـەری ١٨٦٧ گەیـشتینە کـەرکووك، مانـدوو و شـەکەت لـەناو (تـا) دا دەلـەرزیم. کـەرکوك شـارێکی کۆنـە، ئـۆلیڤێ و ریتیـتیر بـە شـاری مینـیس Mennis ی دەناسنەوە، ئەم شارەی کە ئەلیکساندەر لە کاتی گەڕانەوەی لەهـەولێرەوە بۆ بابل تێیدا حەساوەتەوە. هی دیکە بە شاری کۆرکورای Ptolémée دەناسنەوە".[20]

ئەمڕۆ کە دووسەد تا سێسەد مەسیحی‌و سەدان بنەماڵەی جولەکە لەشارەکەدا هـەن، ژمارەی دانیشتوانی شارەکە دوانزە تا سێزدەهەزار کەسێك دەبێ. ئەو شـوورەیەی دەوران دەوری قەڵایەکـەی داوە لەسـەر گردێکـی بەرزەوەیـە کـە بەسـەر زەوییێکـی تەختاییـەوە سیمایەکی بـاڵای دەورانـی سـەردەمی کـۆن دەگەیـەنێ کـە لەوانەیـە هـی ئاشـووریەکان بێت". بە داخەوە ئەم گەڕۆکە لەبارەی ژمـارەی کـوردەوە هـیچ ئامـارێکی وا بەدەسـتەوە نادات.

[18] *Ibid*, P. 582.
[19] Lycklama Nijeholt ( Chevalier T.M), *Voyage en Russie, au caucase et en Perse, dans la Mésopotamie, le Kurdistan*, paris, 1872-1875, (en 4 voulumes).
[20] *Ibid*, P. 86.

## II

## بەشی دووەم: کەرکووك لە نیگای سەفەرنامە ئەڵمانییەکانەوە

لـەم بەشـەدا زۆر بـەکورتی باسـی گەڕۆکـە ئەڵمانـەکان دەکـەین کـە سـەری شـاری کـەرکوکیان داوە، بەتایبـەت باسـی سـەفەرنامەکەی نیبـۆر و زۆر بـە کـورتیش ڕۆولـف بەنموونە دەهێنینەوە. ڕۆولف ڕەنگە کۆنترین گەڕیدەی ئەورووپی بووبێ کە ساڵی ١٥٧٤ سەری کەرکوکی دابێت. ڕۆولف کەرکوك بە شارێکی جوانی نایاب لە قەڵەم دەداتو دەڵێ زمانی باوی ناو شارەکە تورکیو کوردی شارەزوورە.[21] لای ڕۆولف قەڵاکە بۆ دەستبەسەرداگرتنی ڕێگەو بانەکانی شارەکە دروستکراون. ڕۆولف ڕۆژی ٢٦ ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٥٧٤ گەیشتۆتە کەرکووکو دوو ڕۆژ لە کەرکووك ماوەتەوە. گەڕۆکێکی دیکەی ئەڵمانی، نیبۆر کە ڕەنگە بەناوبانگترین گەڕۆکی ئەڵمانی بێت ساڵی ١٧٦٧ سەری شاری کەرکووکی داوەو سەفەرنامەکەشی لە دوو بەرگی زۆر گەورەدا ساڵی ١٧٨١ وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فرانسی[22] و لە ئەمستردام چاپو بڵاوکراوەتەوە.

نیبۆر بە چەند لاپەڕەیەك باسی کەرکوك دەکات. لە بارەی قەڵاکەوە دەنووسێ " ....ئەم شوێنەی پێی دەڵێن قەڵا پیسترین شوێنێکە تا ئێستەکە بینیبێتمو ماڵەکانی بەبێ هەڵاوێردن لەوپەڕی خراپیدان. لەناو قەڵاکە سێ مزگەوتو منارەی لێیە، یەکێك لەم مزگەوتانە گرینگە چونکە گۆڕی پێغەمبەرەکان: دانیال، میخایلو ئەلیعازر(عیزرایل)ی لێیەو جولەکەکان گومانیان لەوەدا نییە کە پێغەمبەرەکەیان لەم مزگەوتەدا نێژراوە، بەڵام موسڵمانەکان ڕێگەیان نادەن بچنە ناو مزگەوتەکەوە..... " کەرکوك نزیکەی ٤٠ کلدانی یا نەستووری لێیە کە سەر بە کلێسای ڕۆمانن". کەرکووك شوێنی نیشتەنی پاشای پلە دوو تەوغەیە. پاشا لە شار دانانیشێ، هەرچی باقی ویلایەتی شارەزوورە Schahr esful دەکەوێتە سەر ڕێگەی تاوق تا هەولێر کە

[21]Longgrig, C.J, *Four centuries of modern Iraq*, Ed. Oxford, 1925, p. 25.
[22]Niebuhr (Carsten), *Voyages en Arabie et en d'autres pays circumvoisin (en Mésopotamie en 1764),* Amsterdam, 1781, (en 3 voulmes).





ئەمڕۆکە سەرجەمی سەر بە پاشای بەغدایە". نادر شا بە ئاسانی دەستی بەسەر شارەکەو قەڵاکەدا گرت، بەڵام وەختایەك لە موسڵ سەرنەکەوت ناچار بوو بە خێرایی لە کەرکووك بکشێتەوەو زیانێکی زۆری لەکەرکووکدا. هێشتەکە لەسەر ڕێگە چەند بۆمبێکم بینی کە ئێرانییەکان پێش بیست ساڵ لەگەڕانەوەیاندا جێیانهێشتبوو. دەڵێن لە نزیك کەرکووك چاڵە قیرو نەوتی لێیە، هەروەها شوێنێك هەیە پێی دەڵێن بابەگوڕگوڕ کە لەوپەڕی سەیرو سەمەرەیدایە بەتایبەت زەوییەکەی هێندە گەرمە بەرادەیەك بەشی ئەوە دەکات گۆشتو هێلکەی لەسەر سووربکرێتەوەو مرۆ تەنها پێویستی بەوە دەبێ چاڵێکی چکۆڵەی لەسەر هەڵکەنێ و مەنجەڵی بخاتە سەر. زۆر کەس ئەوەیان بۆ دووپاتکردمەوە کە بینیویانە شەوان بڵێسەی ئاگر لەم شوێنە هەڵدەستێو بەچاوی خۆیان بینیویانە". لە کەرکوکەوە تا شارۆچکەی ئاڵتوون کۆپری کە ئێوارەی دوانزەی مانگ گەیشتین هیچ ئاواییەکم لەسەر ڕێگەدا نەبینی، بەڵام ڕێکەوتی زۆر بنەماڵەی کورد Curdes مان کرد کە مەڕوماڵاتیان لەم لەوەڕگە جوانانە دەلەوەڕاند".[23]

## III

## بەشی سێیەم: کەرکووك لە نیگای گەڕۆکە ئینگلیزەکانەوە.

لەم دوا بەشەدا هەوڵدەدەین زۆر بەکورتی باسی ئەو گەڕۆکە ئینگلیزانە بکەین کە سەری شاری کەرکووکیان داوە، لەم بەشەدا بەتایبەت بینگهام، سۆن و ئیدمۆندز بەکورتی بە نموونە دەهێنینەوە. گەڕۆکی ئینگلیزی جێمس بێنکهام ڕۆژی ٩ ی تەمموزی ساڵی ١٨١٦ گەیشتۆتە کەرکووكو لەگەشتنامەکەی خۆیدا دەنووسێ " کەرکوك لە سێ بەشی جیاواز پێك دێ و هەربەشێکیشی ڕووبەرێکی گەورەی هەیە. بەشێکی سەرەکی ئەم بەشانە کەوتۆتە سەر گردێکی بەرز کە لە قەڵای هەولێر دەچێ. لەسەر ئەم گردۆڵکەیە شارێکی قایم هەیە شورەکەی ژمارە ماڵێکی زۆرو منارەی سێ مزگەوتی لێیە کە لەماڵەکانی دیکە بەرزترن. دەڵێن گوایە کەسانی غەیرە موسڵمان بۆیان نییە

[23] *Ibid*, p. 276.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەم بەشەدا نیشتەجێ بن و ژمارەی خەڵکەکەی پێنج هەزار تا شەش هەزار کەسێك دەبێ بەڵام ئەم ژمارەیە بەڕاستی زێدەڕۆیی تێداکراوە. کەرکووك یەکەم شوێنێکە کە لەوەتای لە موسڵەوە دەرچوین بینیبێتمان دارودرەختی لێبێت. دارخورمایەکان لە درەختەکانی دیکە بەرزتر بوون.

" کەرکووك تا ئێستە یەکێك لە گەورەترین ئەو شارانەیە کە کەوتۆتە رۆژهەڵاتی دەچلەوە، لەلایەکی دیکەوە سیمای قەلاکە کەوتۆتە سەر گردێکی بەرز کە وامان لێدەکات باوەڕ بەوە بکەین کە ئەم شارە بەردەوام ناوەندێکی مکۆمی پڕ گرینگ و توانا بووە و شایستەی ئەوەبووە بارەگەی سەربازی رۆمانەکان بووبێ لە کاتی حوکمڕانیاندا".[24]

گەڕۆکێکی دیکە، کە، دوایی بە درێژەی ساڵەکانی ئینتدابی بریتانی لەسەر عێراق، نەخشێکی دیاری بینی لە حوکمگێڕانی بریتانی لەکوردستاندا، مێژەر سۆن بوو. مێژەر سۆن لەڕاپۆرتێکی نهێنی سەربازی کە ساڵی ١٩١٠ ئامادەکراوەو ساڵی ١٩١٨ لە کەلکەتا چاپکراوەتەوە دابەشکردنی ئیتنیکی شارەکە بەبێ ئاڵتوون کۆپری بەمشێوەیەی خوارەوە دەستنیشان دەکات:

تورکمان: ١٣٠٠٠ جولەکە: ١٠٠٠ کورد: ٥٠٠٠ خالدییەکان: ٥٧٠٠[25]

سۆن لەکتێبی (گەشتی (دەمامکدراوێك) بۆ میزۆپۆتامیا و کوردستان) (١٩٢٢) پێی وایە " کەرکووك بە تورکمانو سەوزەو نەوتی خاو بەناوبانگە، ژمارەی خەڵکی شارەکە بەلای کەمییەوە ١٥٠٠٠ کەسێك دەبێ. کەرکووك یەکێکە لەوشارانەی کە کەوتۆتە سەر سنووری کوردستان و خەڵکەکەی سێ زمان قسە دەکەن: تورکی، عەرەبی و کوردی. " سۆن لای وایە کەرکووك شارێکی تورکمانییە و لە خواروو و رۆژئاوادا عەرەبە کۆچەرەکان و لە ڕۆژهەڵاتیشدا زەوی و زاری کوردە هەمەوەندەکانە".[26] هەروا

---

[24] جمس بكتگهام، رحلتي الى العراق، ترجمة: سليم طه التكريتي، بغداد، ١٩٦٨، ص: ١٤٤

[25] Mr. E.B. Soane, *Report on the Sulaimania District of Kurdistan*, Calcutta, 1918, p. 7

[26] ميجرسون، رحلة "متنكر" الى بلاد مابين النهرين و كردستان، ترجمة: فؤاد جميل، بغداد، ١٩٧٠، ص:١٥٨.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

سۆن باسی ئەوە دەکات کە کەرکووك کۆمەڵە ئیتنیەکی هەمەچەشنەی تێدایەو هەر هەمووشیان لەژێر چەپۆکی حاکمیەتی تورکدان، کوردەکان تاکە ڕەگەزن لەناو خەڵکەکە کە بە ئاسانی سەر دانانەوێننو هەموو جۆرە حوکمو نیزامێك ڕەتدەکەنەوە ئەگەر لە خانەکانی خۆیانەوە نەبێت". دواجار سۆن باسی خەڵکانێکی جلدڕاو دەکات لەناو شاری کەرکووك کە بەدیالێکتیك دەدوێن کە دیالێکتی لوڕە فەیلییەکانەو جەنابی سۆن بە(هاووڵاتی ئێرانی) یان ناودەبات".[27]

کۆمەڵەی گەلان کە لەکۆتایی ساڵی ١٩٢٤ لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لەکێشەی ویلایەتی موسڵو لیژنەکە لەگەڵ سەرەتای ساڵی ١٩٢٥ گەیشنە ویلایەتی موسڵو لە ڕاپۆرتەکەی خۆیاندا پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە ئەو ستاتستیکانەی تورکیا و بریتانیا لەبارەی ویلایەتی موسڵەوە زۆر ناتەواونو گەلێکیش زێدەڕۆییان تێداکراوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی کۆمەڵەی گەلان دابەشبوونی ئیتنیکی لە شاری کەرکوك بەمشێوەیە بووە:

عەرەب: ٣٠٦٥٠ کورد: ٤٧٥٠٠ تورکمان: ٢٦١٠٠ مەسیحی: ٢٤٠٠[28]

دوا گەڕۆکی ئینگلیزی کە ڕەنگە لە هەموو گەڕۆکەکانی دیکە زیاتر لە کوردستان مابێتەوەو تەواو شارەزای مێژووی ناوچەکە بوو، ئیدمۆندزی کاربەدەستی ئینگلیز بوو. ئیدمۆندز دەنووسێ " کەرکووك بەگوێرەی پەیماننامە یەکەمییەکانی سنوور نەخوازەش پەیماننامەی ئەماسییە کەوتۆتە ژێر قەڵەمڕۆی عوسمانییەوە، بەڵام ئێرانییەکان بەشێوەیەکی کاتی بەلای کەمییەوە دووجاران داگیریان کردووە. جاری یەکەم لەنێوان ساڵەکانی ١٦٢٣ و ١٦٣٠ لەلایەن شا عەبباسو جاری دووەمیش لەنێوان ساڵەکانی ١٧٤٣ـ ١٧٤٦ لەلایەن نادر شاوە داگیرکراوە". ئیدمۆندز دەنووسێ " لەکاتی نووسینی ئەم دێڕانەدا (واتە ساڵی ١٩٢٢) ژمارەی دانیشتوانی کەرکووك ٢٥٠٠٠ کەسە کە، چارەگێکی کوردو زۆربەشیان تورکمان، عەرەب، ئاسوریو جولەکەن".[29]

---

[27] هەر هەمان سەرچاوە، لا: ١٦٣

[28] Société des nations, *Question de la frontière entre la Turquie et l'Irak*, Genève, 1925, p. 77.

[29] س.جی. ادموندز، كورد و ترك و عرب، ترجمة: جرجيس فتح الله، دار ئاراس، هەولير، ١٩٩٩، ص: ٢٤٠

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

سیاسەتی بێئەخلاقانەی ئینگلیز ئەوەبوو کە بەهەموو شێوەیەك دەیانەویست رووە کوردستانییەکەی شاری کەرکووك بشارنەوەو کەرکووك وەك شارێکی کوردی حسێب نەکەنو لەکوردستانی دابڕن، کە ئەمە بەئاشکرا لەو ستاتیستیکانە دیارە کە شۆفارو پیاوە نهێنیەکانی ئینگلیز بەدەستیانداوە. پێم خۆشە لێرەدا یەك نمونەی زۆر زیندوو بهێنمەوە، جەنابی سۆن ساڵی ۱۹۱۰ ژمارەی کورد لەشاری کەرکووك تەنها بە ۵۰۰۰ و دواتر ئیدمۆندز ساڵی ۱۹۲۲ ژمارەی کورد تەنها بە ٦۲۵۰ کەس دادەنێ، کەچی بەگوێرەی ڕاپۆرتی کۆمەڵەی گەلان ساڵی ۱۹۲۱ ژمارەی کورد لەشاری کەرکووك ٤٥۰۰۰ کەس بووە کە تەواو نیوەی سەرجەمی دانیشتوانی شارەکە بووە.[۳۰]

بنەماڵە ئۆرستۆکراتە دیارەکانی شارەکە یان تورکمانن یا ئەوەتا خۆیان بە تورکمان دادەنێن هەتا ئەگەر لەبنچینەشدا کورد بن. لە گرینگترین ئەم بنەماڵانە: (ئالی نەفتچی زادە)ەن کە لەکۆندا خاوەنو بەکارهێنەری چاڵە نەوتەکان بوون، هەروا بنەماڵەی ئالی یەعقووب زادە کە خاوەن موڵکی زەوی و زارێك بوون کە دەڵێن گوایە بونیادیان کوردی زەنگەنەنو هەروا (ئالی قەیدار) کە خاوەنو مالیکی زەویو بازرگانی بوون. هەروا ئیدمۆندز دەنووسێ " دیارترین کەسایەتی کوردی شارەکە (سەید ئەحمەدی خانەقا) ی بنەماڵەی (بەرزەنجەیە) گەرچی ئەو خۆی لەتەریقەی نەقشبەندییە بەپێچەوانەی زۆربەی خەڵکی شارەکە، کەچی ماڵەکەی لە تەکیە دەوڵەمەندەکەی خۆیەوە هەمیشە بۆ خەڵك کراوەیە. شتێکی ئاساییە ئەم سەیدە دەسەلاتێکی مەزنی هەبێ بەسەر دەست و پێوەندە جوتیارە کوردەکان کە بەرفراوانترین گرووپی نەتەویین لەلیوایەکە وەکو گشت".[۳۱]

---

[30] Société des nations, *Question de la frontière entre la Turquie et l'Irak*, Genève, 1925, p. 33.

[31] س.جی. هدموندز، *کورد و ترك و عرب*، ترجمە جرجیس فتح الله، دار ئاراس، هولیر، ۱۹۹۹، ص: ۲٤۱.





مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

## ئەنجام

شاری کەرکووك لەڕووی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە کەوتۆتە ناو سنووری ئیتنۆ جوگرافی کوردستانو لەڕووی قورسایی ئیتنیکیشەوە بەگوێرەی بەشی زۆری گەڕۆكو رۆژهەلاتناسەکان، بە وردبوونەوەو خوێندنەوەی سەرچاوە ڕۆژهەلاتناسییەکانی سەدەکانی هەژدە و نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم کەرکووك هەمیشە شارێکی فرە ئیتنیکی بووەو ئیتنی زۆرینە هەمیشە کۆمیونیتەی کورد بووە. بەو دەرئەنجامە دەتوانین بڵێین کەرکووك لەڕووی جوگرافییەوە دەرگەی چوونە ژوورەوەیە بۆ ناو کوردستانو لەڕووی ئیتنیکیشەوە هەمیشە لەناو بازنەی ئیتنیکی زۆرینەی کورد بووە. بەم پێیە ناکرێ کەرکوك بەشارێکی کوردی دانەندرێو بەهەمان شێوەش ناکرێ نکولی لەمافی کۆمەڵە ئیتنییەکانی دیکە بکەین ئەوانەی کە بەشێك بوونە لەمێژووی شارەکە.